یاری کۆتایی خولی بژاردەی عێراق

رۆژی شەممە: یانەی دهۆك رووبەڕووی یانەی تەڵەبە دەبێتەوە

دوابەدوای سازدانی یارییەکانی چوار گۆشەی زێرینی خولی بژاردەی عێراق بۆ یاری تۆپی پێی وەرزی ٢٠٠٩-٢٠١٠ هەردوو یانەی دهۆك و تەلەبە سەرکەوتن بۆ یاری کۆتایی بڕیارە رۆژی شەممە ٤ /٩/ ٢٠١٠ لەشاری بەغدا یارییەکە ئەنجام بدرێت لەلایەکی ترەوە رۆژی هەینی ٣ /٩/ لەسەر بەدەست هێنانی پلەی سێیەمو چوارەم یانەی هەولێر بەرامبەر یانەی زەورا یاری دەکات .

باشترینەکانی خولی پلە یەکەکانی کوردستان

دوای تەواوبوونی یارییەکانی خولی پلەی یەکی کوردستان لەیاری تۆپی پێ بۆ وەرزی ٢٠٠٩-٢٠١٠ دوای کردنەوەی لیستەکانی سەرپەرشتیاری راگەیاندن لەسەرجەم یارییەکانی خولی پلەیەکی کوردستان ئەم یاریزانانە دەست نیشانکراون.

١-یاریزان "بەرۆژ جادر" لەیانەی زاخۆ بەباشترین یاریزانی خولەکە دەست نیشانکرا.

٢-یاریزان"میران کەریم" لەیانەی برایەتی بەگۆڵکاری خولی پلەیەکی کوردستان دەست نیشانکرا.

٣-گۆڵچی "فکری شێخ سەعید" لەیانەی هەلۆ بەباشترین گۆڵچی خولی پلەیەکی کوردستان دەست نیشانکرا.

٤-گۆڵچی "ئیدریس لەتیف" لەیانەی سۆلاڤ بەباشترین گۆڵچی خولەکە دەست نیشانکرا.

ئێمە پیرۆزبایی لەسەرجەم یاریزانەکان دەکەین کەتوانیان ئەمساڵ ئاستێکی یەکجار باش پێشکەش بکەنو شایەنی ئەوەبن ئەم نازناوانە دەربگرن، هیوادارین لەخولی داهاتوو یاریزانەکانی تریش خۆیان ماندوو بکەن بۆ ئەوەی بتوانن کێبرکێ بکەن لەبەدەست هێنانی نازناوەکان.

full Time

سەلام حوسێن

تۆپی پێ دۆراندنو سەرکەوتنە

تۆپی پێ وەرزشێکی سیحراویە پانتاییەکی یەکجار فراوانی لەنێو دەروونی جەماوەرێکی مەزنی داگیرکردووە، تۆپی پێی سەرکەوتنو دۆراندنە گەر بارورت بەدۆراندن نەبێت ئەوا سەرکەوتن وە دەست نایەت، لەخولەکانی کوردستان بەتایبەتی پلەیەکو پلەدوو چەندین کاری نادروست دوور لەگیانی وەرزشی بەتایبەت لەیاریەکەی دوای نێوان برایەتیو زاخۆ.

هێرشکردنە سەر دەستەی ناوبژیوانانو پیاوانی راگەیاندن کارێکی ناوەرزشیو ناشارستانییە گوزارشت لەنارۆشنبیری دەنوێنێ لەخولەکانی کوردستان دادپەروەریو یەکسانیو بەیەك چاوسەیرکردنی یانەکان لەسیما بەهێزو گەورەکانیەتی، لەچوار گۆشەی زێرین یارییە کۆتایەکان بۆ سەرکەوتن بۆ خولی پلە نایاب تەواوی پێداویستیو ئەندامانی یەکێتیەکەمان لەنێو یاریگاکان ئامادەییو خەمخۆریان بۆ رەخساندنی کەشو هەوای لەبار بۆ هەر چوار یانە یەکسانی.

بەلاّم بەداخەوە دەستەی کارگێریو ستافی هونەری یارییەکان شکستەکانو نادروستی کارەکانیانو کەم کوریەکانیان دەخەنە ئەستۆی ناوبژیوانان.

ناوبژیوانان ئادەمیزادەو ئادەمیزادیش بەدەرنییە لەهەڵە، بەلاّم بەمەرجێ دەستی ئەنقەست نەبێت نموونەش مۆندیاڵی ٢٠١٠ دەرچوونی چەندین هەڵبژاردەی گەورەو دیارکراوە بۆ بەرزکردنەوەی جامی مۆندیاڵ بەبێ دروستکردنی بچوکترین کێشە.

میدیاکارانو رۆژنامەنووسانی وەرزشی ئاوێنەی راستەقینەی گواستنەوەی چالاکییەکان بۆ میدیاکانی بینراو بیستراو نوسراوکە پێویستە رێو شوێنی شایستەیان لەیاریگاکان بۆ دیار بکرێت هیوادارین باوەرمان لەتۆپی پێ بەدۆراندنو سەرکەوتن هەبێت وەرزش بکەینە هۆکاری خۆشەویستیو برایەتی ببێت.

یاریدەدەری راهێنەری یانەی هەولێر:

بەداخەوە هیچ هەماهەنگیەك نییە لەنێوان راهێنەری ریزی یەك و ئێمەدا



-لەکەیەوە ئەرکی یاریدەری راهێنەرایەتیت ئەم یانەیەت وەرگرتووە؟

+دوای وازهێنانم لەیاری ئەرکی راهێنەرایەتیو خزمەتکردنی تازە پێگەیشتوانو لاوانی هەولێرم گرتە ئەستۆ ئێستاش بۆماوەی چوار ساڵە یاریدەری راهێنەری یانەی هەولێرم لەگەڵ بەرێزان (مەحمود عەزیز، سروە غازی، عەبدوڵلاّ مەحمود ،عومەر مەجید، سەمیر بابو)

-هاوکاری و هەماهەنگیت لەگەڵ راهێنەر (سەمیر بابۆ) چۆنە؟

+ئێمە وەکو دەستەی راهێنەران وەکویەك خێزان کاردەکەین لەگەڵ هەردوو بەرێزان عەبدالخالقو محمودو سەمیر بابۆ زۆر هەماهەنگین.

-ئەم ساڵ ئەنجامێکی بەرچاوتان بەدەست هێنا دەکرێ بزانین کێ لەپشت ئەم سەرکەوتنەی ئێوەیە؟

+تەباینو یەك ریزی یاریزانەکانو دڵسۆزی سەرپەرشتیاری یانەکەمان کاك پشتیوام هۆکاری سەرەکی بوون بۆ بەدەست هێنانی ئەم ئەنجامە.

-بۆ خولی داهاتوو بەرنامەو پلانتان چییە؟

+بۆ خوولی داهاتوو بەنیازین بەکۆمەڵێك یاریزانی لاو گروتینی زۆرەوە دەستمان بەمەشق کردووە پیلانێکی تۆکمەمان دارشتووە بۆ ئەوەی بتوانین پێش برکێی خولی ساڵی داهاتوو بکەین.

-دەکرێ بزانین چەند یاریزان لەیانەکەتان چووەتە ریزی یەکەمی یانەی وەرزشی هەولێر؟

+تا ئێستا تەنها (میران خسرۆ) چووەو پێویستە دەستەی کارگێری یانەکامان مەرج بۆ راهێنەری ریزی یەکەم دابنێ، کەهەموو ساڵێ (١-٢) یاریزان ببات بۆ ریزی یەك وەبەداخەوە هیچ هەماهەنگیەك نییە لەنێوان راهێنەری ریزی یەك و ئێمەدا.

-گیروگرفتان چییە لەهەموو روێکەوە؟

+لەهەموو روێکەوە سوپاس بۆ خواد هیچ گیروگرفتمان نییە ئەوەی هەمان بوو یاریگا بوو ئێستا چارەسەر کراوە.

-دەستەی کارگێری یانەی هەولێر تاچەند هاوکاری ئێوەیە.

+پێم باشە لەرێگای بەرێزتانەوە زۆر سوپاس دەستەی کارگێری یانەکەمان بکەم بەگشتی وەسەرۆکی یانە بەتایبەتی بەرێز د.عەبدوڵلا مەجیدو سەرپەرشتیاری تیپ پشتیوان شەبیب و عەقید شۆرش عەباس.

-دوا وتەت؟

+ژۆرسوپاسی هەوڵو ماندووبوونتان دەکەم بۆئەو چاوپێکەوتنە هیوادارم زیاتر پەرە بە وەرزش بدەن لەکوردستانو بەتایبەت یاریزانە لاوەکان.

کەژاڵ کاکە حەمە سەرۆکی یانەی ئافرۆدێت

کەمی بودجەو نەبوونی بارەگای تایبەت گەورەترین گرفتە لەپێشمان

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

یانەی وەرزشیی (ئافرۆدیت) یەکێکە لەو یانانەی کە بەهەموو ئەندامانییەوە لەکچان وژنان پێکهاتووە، ئەم یانەیە لە (١٦/١/٢٠٠٨) لەشاری سلێمانی لەسەر دەستی دکتۆرە (کەژاڵ کاکەحەمە) دامەزراوەوچەندین یاریی جۆراوجۆرایشی هەیە ولەم ماوەیەدا توانیویانە چەندین وەرزشکاری کچ لەدەوری خۆی کۆبکاتەوەو ژمارەیەك تیپیان لێ پێکبهێنرێت، بەلاّم گرفتی کەمی پارەو نەبوونی بارەگای تایبەت بەخۆیان ،لەکێشەوگرفتەکانی بەردەم پێشکەوتنی ئەم یانەیەن، بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر ئەم مەسەلە هەفتەنامەی هەولێری وەرزشیی راپۆرتێکی تێروتەسەلی لەمەڕگشت چالاکییەکان وچەندین زانیاری دیکەی ئەم یانەیە بۆ خوێنەران دەخاتە روو، سەرەتا دەسپێکی راپۆرتەکەمان لەگەل سەرۆکی یانەکە دکتۆرە (کەژاڵ کاکەحەمە) دەستمان پێکردو پرسیاری هۆی ناونانی ئەم یانەیە بەناوی یانەی (ئافرۆدیت) مان لەبەرێزیان پرسی و ئەمەیش لەوەڵامدا گوتی : ئەم یانەیە لەسەرەتادا ناوی یانەی (کچان وژنان) بووە، بەلاّم لەبەر چەند هۆکارێك ناوەکە گۆڕدراو لەشوێنی ئەو ناوەوە ناوی (ئافرۆدیت) مان لێنا،چونکە ئەم ناوە لەلای یۆنانییە کۆنەکان ،بەمانای خوای جوانی بەخشیووە.

سەبارەت بەئەندامانی دەستەی کارگێری یانەکە (کەژاڵ) ی سەرۆك یانە گوتی : یانەکەمان کەسەرجەمیان ئافرەتن لە(٩) ئەندام پێکهاتووە، سەرەرای ئەمەیش هەبوونی چەندین بەشی دیکەی ناو یانەکە کە پێکهاتوون لەهەر یەك لەبەشەکانی راگەیاندن وکۆمەلایەتی وچالاکییە وەرزشییەکان ...هتد.

دەربارەی ئەو یارییانەی کە لەسەرەتای دروستبوونی یانەکەوە ، پێکهاتووە لە تیپەکانی (باسکەوباللەو تۆپی سەرمێزوتۆپی دەست وجومناستیك ویاری شمشێرو مەلەوانی تازە پێگەیشتووان

گەرمیان : گەنجان نەبوونی مەلەوانگە بە گرفت دەزانن و پێیان وایە کێشەیە

مەلەوانگە هەیە بەلام بەناو

هۆگر احمد ، ئاماژەی بەوەدا " دیارە فراوانی گەرمیان بەلگەیە بۆ ئەوەی زیاتر خزمەت بە لاوانی ئەم دەڤەرە بکرێت چونکە ئەوەی هەیە تەناهەت مەلەوانگەیەکە لە کەلار و بە پارەیە ، نکولی لەوەناکرێ کە مەلەوانگە نیە بەڵکو مەلەوانگە هەیە بەلام ئەوەندە بلۆك و تایەری ئۆتۆمبیل و قۆتوی بیپسی و دەیان شتی تریشی تێدا بەس بەناو مەلەوانگەیە ، بەراستی ئەم حاڵەتە ئێمەی بێزار کردووە و بەرپرسانی وەرزشی ناحیەکەیش گوێ پێ نادەن سەیر لەوەدایە لە سلێمانی لە بەرنەبوونی مەرجی تەندروستی چەند مەلەوانگەیەك دادەخرێ کە چی ئەگەر لەو مەلەوانگانە خرابتریش بێ لە گەرمیان بوونی نیە . بەرپرسانی وەرزشی گەرمیانی هیچ کارێکی بۆ خزمەتکردنی وەرزشکاران ناکەن وەرزشکار ئاراس محمد پێ راگەیاندین " کە ئێمە کۆمەلێکی لاوی وەرزشکارین پێکەوە دەچین بۆ رووباری سیروان بۆ مەلەکردن ئەمەش لە پێناو ئەوەی کە لەو گەرمایە رزگارمان بێت ، ئاراس لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بەوەدا " نازانم بۆ چی بەرپرسە بەناو وەرزشیەکان خۆیان گەر کردووە لە ئاست نەبوونی مەلەوانگەی زیاتر بۆ گەرمیان و ئەوانەی کە هەن و پیس بوونە بیر لە چاککردنەوەی ناکەنەوە ، کە رۆژانە بەبەرچاویانەوەیە ، نازانم چۆن بەرپرسە وەرزشیەکان لەو بەرپرسیاریتیە وەرزشیە کە هەیانە مورتاح دەبن ، پێم وایە ئەو بەرپرسانە ئەوەندە گەندەلن نیو ئەوەندە خزمەت ناکەن ، بۆ سەلماندنی قسەکانمان نموونەیی یاریگا تارتانەکانی گەرمیان وەردەگرین، دەبینن مەلەوانگەکانی زۆرێك لە یاریگا تارتانەکان هەزاران شتی تێدایە کە زیانی زۆری بەمرۆڤ دەگەیەنێ .کاتی ئەوە هاتووە چیتر پشتگوێ خستن قبوڵ نەکەین و نەترسین

گەنجێکی تر بەناوی رەهەندە محمدی تەمەن ٢٣ ساڵ ، بە رێگای سپۆرتسی ووت " ئێمەی گەنج تەنها نەبوونی مەلەوانگە کێشە نیە بۆ ئێمە بەڵکو دەیان کێشەی ترمان هەیە کە بە دەستیەوە دەناڵێنن و کەس نیە جێ بە جێی بکات بۆمان ، بەلام ئێستابە هۆی پلەی زۆری گەرما و نەبوونی کارەبای باش وای لێمان کردووە پەنا ببینە بەر مەلەوانگە هەر چەند نیە وە ئەگەر بێتیش تەنها ١ تا ٢ دانەیە ئەویش بە پارەیە . بۆیە پیم وایە کاتی ئەوە هاتووە چیتر پشتگوێ خستن قبوڵ نەکەین و نەترسین داوای مافی خۆمان بکەین وە کاتی ئەوە هاتووە گەنجان بە تایبەت وەرزشکاران برژێن سەر شەقام بۆ داخوازییەکانیان بە تایبەت نەبوونی مەلەوانگە .تەنها چاوەسەر بۆ گرفتی گەنجان و رزگار بوونیان لە گرفتی نەبوونە " خۆپیشاندانی جەماوەری " کە لاوان برژێتە سەر شەقام بۆ داواکانی خۆیان ، بە گوناهیشی نازانم مرۆڤ داوای حەقی خۆی بکات. یاری مەلەوانی بەشێکە لەوەرزش و وەرزشکاری خۆی هەیە

مامۆستا محمد سەنگەر مامۆستای وەرزش "پێم وایە کێشەی تر هەیە کە گەرمیان پێوە دەناڵێت لە مەلەوانگە زەرورترە کە پێویستە ئێمە قسەی لە سەر بکەین و داوای بکەین ، بەلام وای دەبینم پلەی گەرمی بەرز وای لە گەنجان کردووە کە داوای مەلەوانگە بکەن چونکە یاری مەلەوانی بەشێکە لەوەرزش و وەرزشکاری خۆی هەیە بۆیە رەوایە ئەو وەرزشکارانە داوای مافی خۆیان بکەن ." بۆ قسەکردن لە سەر ئەم کێشەیە" ئازادحسێن لە بەرێوەبرایەتی وەرزش و لاوانی گەرمیان بە رێگاسپۆرتسی راگەیاند: دیارە نەبوونی مەلەوانگە لە گەرمیان کەمێك گرفتی دروستکردووە وا قسەی لە سەر بکرێ چونکە گەرمیان پرۆژەی وەرزشی لەوە زەرورتر هەیە کە پێویستە گەرمیان هەیبێت ، پێم باش بوو گەنجان گلەییان لەوە بکردایە کە تا ئێستا وەك پێویست یاریگا بۆ تیپە وەرزشیەکان نیە ، سەبارەت بە مەلەوانگەی یاریگا تارتانەکان : ئازاد حسین وتی : ئەوە پەیوەست نیە بە ئێمەوە ئەو یاریگایانە سەر بە شارەوانین نەك ئێمە بۆ ئێمە نیە قسەی لە سەر بکەین .

هەینی خولی پلە دووی کوردستان ئەنجام دەدرێت

بڕیارە رۆژی هەینی رێکەوتی ٣/٩/٢٠١١ کاتژمێر ٤ ی ئێوارە دوو یاری لەخولی پلە دووی کوردستان ئەنجام دەدرێت.براوەی یاری نێوان (کەیوان × ئاکرێ) لەگەڵ یانەی خەبات یاری دەکات، براوەی یاری نێوان (جەلەولا × بەردەرەش) لەگەڵ یانەی چۆمان یاری دەکات.